# ڕێگەم بەردە

کانی هەڵەبجەیی
هۆڵندا
Kani_awin@hotmail.com




ڕێگەم بەردە....من فێری خواردنەوەی خەندە نیم
من خۆم زەردەخەنەیەکی خنکاوم
باسی پێکەنینو قاقای چیم لا ئەکەی
هەنیسکێکم لە گریان بەجێ ماوم
تۆ ڕێگای وونی ڕۆشنایی چیم نیشان ئەدەی
ئەی نازانی خۆم ڕێبوارێکی سەر لێشێواوم
تۆ هاتوی باوەشێکی گەرمم پێ بناسێنی
کە خۆم لە گەرمترین باوەشدا سوتاوم
دە ڕێم بەردە....لێمگەڕێ بۆ شەوێکی یەڵدا هەنگاوم بنێم
تا دیسان تەمەن لە سێ دارەی نەداوم
وازم لێبێنە....من لە مێژە هاوڕێی تاریکیم
نە ئەستێرە دەناسم و نە خۆم تیشکی هەتاوم